## مەهاباد قەرەداغی. . . ژنێکی گەورە لە فکر و راستگۆ لە وەفا ... هەندرێن شێخ راغب

سلاو مەهاباد خان، سوپاست دەکەم کە بۆ یەکەم جارە میوانە بەرێزەکانی رانیە بەو راستگۆیەوە باس لە شاری رانیە دەکەن. من هیچ کارێکم بەوە نیە موجامەلەی تۆ بکەم، بۆیە هەر لە سەرەتاوە وا هەست مەکە، بەڵکو من وەك کەسێکی رانیە دەمەوێ سوپاسی ئەو راستگۆیەی تۆی ژنی رۆشنبیر بکەم، وەك پۆلێك گەنجی رانیە گەورەت کردین کەناوت لە رانیە نا شاری دەروازەی یەکسانی و راپەرین، ئێمەش ناوت دەنێین: (نووسەری راستگۆی یەکسان خواز) . کە هیوادارین ئەو نازناوەمان لێ قبووڵ بکەیت. بەڵام مەهاباد خان ئێمە لەوەتەی تۆ دەنووسی وەکو رانیە تۆ دەناسین و من کەم کتێب و نوسینی تۆ هەیە نەمخوێندبێتەوە، بیرم دێ لە ساڵی 1999پۆلێ گەنج لە رانیە باسی کتێبێکی تۆمان دەکرد و گفتوگۆمان بوو لەسەری، مەهاباد خان ئێمە زۆر لە مێژە تۆ دەناسین وەلێ تۆ درەنگ ئێمەت ناسی. من زۆرم گلەیی لە نووسەرەکان و سیاسی و حکومیەکان هەیە کە ئەوەی نایخوێننەوە شاری رانیەیە، مەهاباد خان سالانی رابردوو بەر پرسێك هاتبوو بۆ رانیە لەجیاتی ئەوەی تەریق بێتەوە کە بینیویەتی شاری دەروازەی راپەرین ئاوا کاول و بێ خزمەتگوزاریە، کەچی ووتبوی ئەوە کەی شارە وێرانە و دەمەوێت زوو بڕۆمەوە و لەرانیە دەرچم. بەلام شوکور بۆ خوا ژنێکی گەورەی وەك تۆ نووسەرێکی گەورەی وەك تۆ بێ وەفا و بێ نمە ك نەبوو، ئەوەش بۆ ئێمە هەموو شتێکە. مەهاباد خان ئێمە سەدان گەنجی کور و کچی رانیە کە ڕێگایان پێ داوم بەناوی ئەوانیشەوە قسە بکەم، سلاوی رانیەت لێ دەکەین و دەڵێین بە خێر هاتی بۆ رانیە شاری هەمووان، سەرچاومان هاتی ژنە ئازاکەی کورد، بەخێرهاتی نوسەرە وورد و ڕۆشنبیرەکە. بەخێرهاتی نوێنەری پەیامی یەکسانی. هیوادارین دوا سەردانت نەبێ.

هەندرێن شێخ راغب_رانیە
سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ژیانی نوێ)